## ( Con.Sul.10.36 ) گـــــــــریّ بەســـــــت

ناوی پرۆژە : **پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکیّ ی تونێلی پێشرەو لە چیای ئەزمەر**

ئەم گریّ بەستە ڕێکخرا لە نێوان وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن سەرەرای کارەکەی و کۆمپانیای ( **ئیزۆ پۆل** )**بۆ بیناسازی و بەلێندەرایەتی گشتی** بەمەبەستی جیّ بەجێکردنی (**پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکیّ ی تونێلی پێشرەو لە چیای ئەزمەر – کۆدی ( SUL/INV/R.H/10/0003 )**بەپێی ئەم بەلگە نامانەی خوارەوەکە هەریەکەیان بە تەواوکەری ئەویتر دادەنرێن و هەمووشیان بەیەکەوە بەلگەنامەکانی بەلێندەرایەتیەکە پێک دەهێنن کە جیّ بەجێکردنی کارەکان بەپێی ئەو بەندانە دەبێت کە لە ناوەرۆکەکانیاندا هاتووە یان بەشێوەی هەموارکراو تا ئەو ڕادەیەی بەلگەنامەکان ڕێگە دەدەن، بەلگەنامەکانیش هاوپێچن و ئەمانەن:

١. شێوازی گرێبەست.

٢. مەرجەکانی بەلێندەرایەتی عیراقی بە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمەوە.

٣. خشتەی برە نرخدارەکان.

٤. نەخشەکان. خرائط

٥. ڕەوشەکان. مواصفات

٦. نووسراوی سپاردن.

٧. فۆرمی پێشکەشکردنی تەندەر.

٨. تەندەری بەلێندەر.

٩. ڕێنمایی بۆ پێشکەش کارانی تەندەرەکان.

١٠. مەرجە تایبەتەکان.

**لایەنی یەکەم**: وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن /کامەران أحمد عبداللە/ سەرەرای کارەکەی

**لایەنی دووەم** :**کۆمپانیای ( ئیزۆ پۆل ) بۆ بیناسازی و بەلێندەرایەتی گشتی**

هەردوو لایەنی یەکەم و دووەم ڕێکەوتن لەسەر جیّ بەجێکردنی (**پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکیّ ی تونێلی پێشرەو لە چیای ئەزمەر**) بەپێی دەرخستەو نەخشەی ئامادەکراو وە بەپێی مەرجە هونەریەکان وە بەپێی مەرجەکانی بەلێندەرایەتی عیراقی بە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمەوە وە بە پێی ڕێنمایی ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە.

ناوی پرۆژە: **پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکیّ ی تونێلی پێشرەو لە چیای ئەزمەر.**

١. **نرخی ئیحالە: (٧,٨٣٩,٨٨٨)** دۆلار تەنها (حەوت ملیۆن و هەشت سەدو سی و نۆ هەزارو هەشت سەدو هەشتاو هەشت دۆلاری ئەمریکی.

Izopoli Yapi Slemanlari Taahhut
San. ve Tic. A.S. Suleymaniyah
Branch

٢. **جۆری بودجە: وەبەرهێنان**

٣. **ماوەی جیّ بەجێکردن: ٢٤٠ تەنها (دووسەدو چل) ڕۆژی ڕۆژمێری (Calendar day)**

٤. بارمتەی پاپیتی ٥٪ی نرخی ئیحالە:(٤٠٠٠٠٠) تەنها (چوارسەد هەزار دۆلار) کە وەرگیراوە لە بەلێندەر بە (خطاب ضمان) ی ژمارە(٢٣٠٠/١٣٣/٩٠٥) لە بەرواری (١٦/٦/٢٠١٠) تا (١٥/٢/٢٠١١) هەردووبەشی ژمێریاری و یاسا لە (بەڕێوەبەرایەتی ... ) بەرپرسیارن لە بە دوادا چوون و تازەکردنەوەی.

٥. غەرامەی دواکەوتن بۆ هەر ڕۆژێک (٢٠٠٠) لە هەزارا دوو لە کۆی گشتی گوژمەی پرۆژەکەیە مەرجێک لە (١٠٪) گوژمەی پرۆژەکە (بەبرە سەرەرایییەکانیشەوە) تێنەپەڕێت ئەگەر لە کارەکەی دواکەوت.

٦. باجی دەرامەت و هەموو ڕسوماتێکی یاسایی لە ئەستۆی بەلێندەرە.

٧. بەرواری دەست بەکاربوون: **پێنج ڕۆژ دوای وەرگرتنی شوێنی پرۆژەکە لە لایەن بەلێندەرەوە**

٨. بەرواری تەواوبوون: **٢٤٠ تەنها (دوو سەدو چل) ڕۆژی ڕۆژمێری دوای دەست بەکاربوونی پرۆژەکە لە لایەن بەلێندەرەوە**

٩. ماوەی (صیانە): / ١٢ / دوانزە مانگ

١٠. لایەنی یەکەم لیژنەیەکی تایبەت دەستنیشان دەکات بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی جێبەجیّ کردنی پرۆژەکە لەرووی هونەری و دارایی یەوە، وە پەسەندکردن و بڕیاردان لە جۆری ئەو کەل و پەلانەی بەکار دەهێنرێن بە پێی ڕەوشەکان کە لە تەندەرو دەرخستەدا دیاری کراوە، وە پێشکەشکردنی ڕێنمایی بەپێی پێویست.

نیە.
١١. لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەکان لە بازاڕدا لایەنی دووەم مافی داواکردنی قەرەبووی نیە.
١٢. لایەنی یەکەم بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیار نیە لە بەرامبەر کار ئاسانی (ئامادەکردن یان دابینکردن) هیچ کەرەسەیەک بۆ پرۆژەکە بۆ لایەنی دووەم،وە هەر زەرەر و زیانێک کەلەکاتی کارکردندا ڕوویدات لەو کەرەستانە یان کارمەندەکانی لایەنی دووەم.
١٣. بەلێندەر بەرپرسە لە دانی کرێی پشکنینەکانی تاقیگە ئەنجامەکەی هەرچۆنێ دەربچێت لە هەموو قۆناغەکانی جێ بەجێکردندا. بەپێی ڕێنمایەکانی تاقیگەی ناوەندی کەرەسەی بیناسازی . وە ئەو کەل و پەلانەی کە لەدەرەوەی هەرێم دابیندەکرێت بەپێی مەرجەکانی تەندەرو ئامادەبوونی نوێنەری لایەنی یەکەم پشکنینی بۆدەکرێت پێویستە ستانداردی ئایزۆی تایبەت بەرەوشی دیاریکراو (المتەندەرو دەرخستەدا) لەگەلدابێت لەگەڵ بڕوانامەی پەسەندکراوی SGS وە لەکاتی نەبوونی بڕوانامەی SGS کار بە بڕوانامەی (پەیمانگای تایبەت مەندی جیهانی باوەرپێکراو) دەکرێت لەو بوارەدا.
١٤. هەموو قەرزو زەرەرو زیانێک ئەچێتە ئەستۆی بەلێندەر(لایەنی دووەم) ئەگەر لایەنی دووەم کەم و کورتی هەبوو لە جێ بەجێکردنی گرێبەستەکەدا وە ئەو قەرزو زەرەرو زیانانەش لە لایەنی دووەم وەردەگیرێتەوە بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومی یەکان ژمارە (٥٦) ی ساڵی (١٩٧٧) یان هەر یاسایەک جێی ئەو یاسایە بگرێتەوە.
١٥. لە کاتی سەندنەوەی ئیشەکە لە ( بەلێندەر) ناوەرۆکی ( مەرجە گشتی یەکانی بەلێندەرایەتی کاری ئەندازەی شارستانی عیراق) بە سەردا جێ بەجێ دەکرێت.
١٦. هەرچیەک لە پاشکۆی کەمکردنەوەکەدا هاتووە دادەنرێت بە بەشێک لە گرێبەستەکە.
١٧. لایەنی دووەم بۆی نی یە هیچ بەلێندەرێکی لاوەکی ( مقاول ثانوی) بۆ جێ بەجێکردنی بەشێک یان چەند بەشێک لە پرۆژەکە دابنێت بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی یەکەم.
١٨. پابەندبوون بە ناوەرۆکی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠٧٤٢ لە ٢٠٠٧/٩/١٩ کە هاوپێچە.

<u>مەرجی تایبەت:</u>

١٩- بارمتەیەکی تر بە بڕی (٣٩٢٠٠٠) تەنها (سێ سەدو نەوەت و دوو هەزار) دۆلاری ئەمریکی وەرگیراوە لە بەلێندەر بە شێوازی (خطاب ضمان) ی پەسەند کراو ی ژمارە (٩٠٥/١٤٦/٢٠١٠) لەبەرواری (٢٠١٠/٦/٢٩) تا (٢٠١١/٢/٢٨) (بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی) بەرپرسیارن لە هەردووبەشی ژمێریاری و یاسا لە بەدواداچوون و تازەکردنەوەی، بۆ دڵنیا بوون لە توانای دارایی لایەنی دووەم. لەبەرامبەر ئەوەی کە لایەنی دووەم هیچ موڵک و سامانێکی جێگیری نیە لەناوەوەی هەرێمی کوردستاندا. لەبەرئەوەی کۆمپانیایەکی بیانیە،وە ئەم بارمتە یەش دەمێنێتەوە تا ڕێژەی ڕاستەقینەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە لە ڕەوی تەکنیکیەوە دەگاتە ٦٠٪ وە دواتر بە بێ مەرج لەسەر داوای لایەنی دووەم دەگەڕێنرێتەوە.
٢٠- هەرکاتێک جیاوازی نێوان ڕێژەی سەدی بەرەوپێشچوونی کارکردنی ڕاستەقینە (کەمبەستلێی بەرەوپێشچوونە لەسەر ئاستی گشتی پرۆژەکە) بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی مانگانەی لیژنەی سەرپەرشتیار لەگەڵ خشتەی پێشکەوتنی کاری پێشکەشکراو لەلایەن لایەنی دووەمەوە بگاتە سەرو ٢٥٪ و دواکەوتنەکە بەهۆی لایەنی دووەمەوە بێت، ئەوا لایەنی یەکەم بۆی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێ وشوێنی یاسایی و ئاگادارکردنەوەی لایەنی دووەم ڕاستەوخۆ تاک لایەنانە کارەکە لە لایەنی دووەم بکێشێتەوە (سحب العمل) بکات و پرۆژەکە لەسەر حسابی لایەنی دووەم تەواو بکات.
٢١- مەرجە هەموو کەلو پەل و ئامێرەکان بۆ هەردوو سیستمی (هەواگۆرکێ و ڕووناکی) لەیەکێک لەم وڵاتانە دابین بکرێن (ئەمریکا. یابان. ئەوروپای غەربی) بە جۆرێک لەئاستەبەرزەکانی تەکنیکی بێت و بەدەستهێنانی لەو وڵاتانەی سەرەوە ئاسان بێت و کەمترین صیانەی بوێت وە لە تونێلەکانی هاوشێوە بەکارهێنرابێت، وەسەرجەم کەرەستەکانی تر پێویستە لە ستانداردی ئەوروپی کەمتر نەبێت وە لەو کارگانە دروستکرابێت کە بڕوانامەی ئایزۆیان هەیە. وە سەبارەت بە چۆنیەتی هێنانی کەل و پەلەکان:
أ. ئەو کەل و پەلانەی کە لەدەرەوەی وڵات دابیندەکرێت و دەتوانرێت نمونەکەی بهێنرێت: مواصفاتی هونەری و کەتەلۆک و نمونە پێشکەش دەکرێت لەلایەن کۆمپانیاوە بەپێی ئەو ڕەوشەی کە لە تەندەرو دەرخستە ئاماژەی بۆکراوە تاکو لەلایەن ... ٪٨٠ ... ی پرۆژەکەوە پەسەند بکرێت.

Izopoli Yapi Elemanlari Taahhüt San. ve Tic. A.Ş. Suleymaniyah Branch

بـ سەبارەت بەو کەل و پەلانەی ناتوانرێت نمونەی بهێنرێت: ئەوا بەپێی ڕەوشەکانی تەندەر و دەرخستە لە لایەنی دووەمەوە مواصفاتی هونەری و کەتەلۆک پێشکەش دەکرێت، پاش پەسەندکردنیان لەلایەن بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکەوە بۆ دەست بەکاربوونی لایەنی دووەم لە دروستکردنی کەل و پەلەکان.

تـ پێویستە وەلامی لایەنی یەکەم لە (١٦) ڕۆژ تێنەپەڕێت سەبارەت بە پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی هەر بابەتێکی پێشکەشکراو هەروەک لەخالی (٢١) ئاماژەی پێکراوە لە برگەکانی (أ و ب) دا، لەوەزیاتر ئەم ماوەیە ڕەچاو بکرێت بۆ لایەنی دووەم.

پـ پێویستە بە پێی خالی (١٣)ی گرێبەست بروانامەکانی تایبەت بە هەر بابەتێک پێشکەش بکرێت بۆ ئەو کەل و پەلانەی پێویستی بە پێشکەشکردنی بروانامە هەبێت .

٢٢- کار بەو پلانە دەکرێت کە پێشکەش کراوە لەلایەن لایەنی دووەمەوە وە لایەنی یەکەم پەسەندی کردووە بۆ جێ بەجێکردنی برگەی (٢٠) لە گرێبەستەکە لەکاتی هەردواکەوتنێکدا.

٢٣- لایەنی دووەم بەرپرس نی یە لەهەر زەرەرو زیانێک یان دواکەوتنێک کە ڕوبدات لەکاتی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کاری أنشائی دروستکردنی تونێلەکەوە هەبێت.

٢٤- لایەنی یەکەم دوای دەست بەکاربوون لە پرۆژەکەدا بە دەرکردنی فەرمانی وەزاری بری (١٠٪) لە گوژمەی ئیحالەکراو وەک پێشینەیەکی نقدی سەرەتایی ئەدات بەلایەنی دووەم، لەبەرامبەردا لایەنی دووەم (خطاب ضمان) ێکی پەسەندکراو بە هەمان بڕ لەیەکێک لە بانکەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێت بۆلایەنی یەکەم بەبێ مەرج و هەروەها وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارەیە بە چوار (قیست) ی یەکسان لە پێشینەی یەکەمەوە لەنرخی پێوانەژمێریەکانی کاری جێ بەجێکار (ذرعە الأعمال المنجزە) دەبێت .

٢٥- لەکاتی بوونی هەرکێشەیەک سەبارەت بە برگەکانی گرێبەستەکە ئەوا هەردوولا دەگەڕێنەوە بۆ وێنەی کوردی گرێبەستەکە.

٢٦- هەردوو لایەن ڕەزامەندن لەسەر ناوەرۆکی ئەم گرێ بەستە بۆیە لە خوارەوە واژوو کرا لە ڕۆژی ١١ / ٧ / ٢٠١٠.

Izopoli Yapi Elemanlari Taahhüt
San. ve Tic. A.Ş. Suleymaniyah
Branch
Capital: 10.000.000.00.-USD
Phone:+964 770 229 5860 Phone :+90 533 411 2523

لایەنی یەکەم
کامران أحمد عبداللّه
وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن
سەرەڕای کارەکەی

[illegible]

لایەنی دووەم: فرید فتیان فتحی
بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیای ( أیزۆ پۆل )
بۆ بیناسازی و بەڵێندەرایەتی گشتی – لقی عێراق
بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمپانیا ژمارە (٢٢٣٧٢ لە ٢٠٠٨/١١/١٣
ژمارەی ناسنامەی پۆلێن کردن : ١٣٣١
ناونیشان: سلێمانی - ڕزگاری - بەرامبەر یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٧٠١٥١٠٣٧٣ (فرید) - ٠٧٧٠١٥٤٥٨٤٣ (ئاسۆ)
پلەی کۆمپانیا: یەک جۆری کۆمپانیا: بیناسازی
بواری ئیشکردن: بیناسازی و بەڵێندەرایەتی گشتی